# هەڵوێستی سەلەفیەت بەرامبەر پرسە سیاسییەکان



زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ١٥٨

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

Islamic Studies

# هەڵوێستی سەلەفیەت بەرامبەر پرسە سیاسییەکان

زیرەك ئەحمەد رەحمان

زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ١٥٨

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ©

www.kurdistanc.com

kurdistan.kccrc@gmail.com

facebook.com/kurdistanccrc

053 - 318 2929

عێراق - سلێمانی - گردی سەرچنار

@KCCRC1

٢٠٢١

# هەڵوێستی سەلەفیەت بەرامبەر پرسە سیاسییەکان

زیرەك ئەحمەد ڕەحمان

## پێشەکی

پرسی هەڵوێستی سەلەفیەت بەرامبەر پرسە سیاسیەکان، وەک پێکهاتەیەکی نیمچە ڕێکخراوی کۆمەڵگە و ئاراستەکردنێکی دینی، پرسێکی هەنووکەییە. ئەو ڕوانگەی ئێمە دەمانەوێ لەم باسەدا لای لێ بکەینەوە، برینییە لە هەڵوێستی سەلەفیەت لە پرسە سیاسییەکاندا، لەگەڵ پرسە سیاسییەکاندا چ هەڵوێستێک دەگێڕێ؟ ئەم ڕەوتە چۆن موخاتەبەی دەسەڵات دەکات، هەڵوێستی بەرامبەر ڕەوتە ئیسلامی و نائیسلامیەکان چۆن دەردەبڕێت؟ لە بەرامبەر چالاکیە سیاسییەکان و ناسیاسییەکانی پێی نەیارە چۆن دێتە گۆ؟ دنیابینی سەلەفیانە تا چەند پانتاییەکی فراوانی هەیە بۆ ئەوانەی کە لەو جیاوازن؟ هەوڵ دەدەین هەموو ئەمانە لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوە کورتەدا بخەینەڕوو. ئەڵبەت بە پشتبەستنی سەرەکی بە سەرچاوەکانی خۆیان، بۆ ئەوەی تا بکرێ بە شێوەیەکی بابەتیانە زانیاریەکان بخەینەڕوو، هەر لەو چوارچێوەشدا بە پلەی یەکەم سەلەفیەکانی هەرێمی کوردستان وەک نزیکترین نموونە لەم توێژینەوەدا زانیاریان لەبارەوە خراوەتەڕوو.

ئەڵبەت کلیلی چوونە ناو هەر باس و توێژینەوەیەک ناساندنی چەمکە سەرەکیەکانیەتی، چونکە بێ ئەوەی ئەم چەمکە سەرەکیانەی بناسێنرێت، ڕەنگە خوێنەر لایەکی زۆرێک لە باسەکانی بەلێڵی لەلا دەمێنێتەوە. بۆیە بە شێوەیەکی گشتی لەم باسەماندا سێ چەمک هەیە بە پێویستی دەزانین بیان ناسێنین:

### یەکەم: هەڵوێست

برینیە لە کاردانەوەیەکی تاک یاخود گرووپ بەرامبەر بابەتێک (جا کەسێک بێت یا گرووپ یاخود دۆخێک)، پەیوەستە بەو لایەنەی مرۆڤ کە دەستکەوتووە. لە حاڵەتی پێکهاتنی بە شێوەیەکی ڕێکخراو کاری خۆی دەکات لەسەر ڕەفتار و پاڵنەرەکانی تاک(١). یاخود کۆمەڵێک مەیلی خۆویستی هەستەکیی ماریفەتی و حاڵەتێکی ئەقڵیی دەستکەوتووە لە مەیلێک کە کار دەکاتە سەر وەڵامدانەوەی تاک بۆ هەموو شت و دۆخانەی پەیوەستن بە تاکەوە و مانادانێکی سەنگاندنە بۆ شتێک یا چەمکێک لەلایەن تاک یا گرووپەوە(٢). کەواتە بە گشتی هەڵوێست لە خۆوە نییە بەڵکو کاردانەوەیە، بێ هۆ نییە و بەرامبەر بابەتێک یا دۆخێک یاخود چەمێکە، خوویستە و لە دەرەوەی ویستی کەسەکان نییە، هەروەها زگماک و سرووشتی نییە تاک لە کۆمەڵگەوە دەستی هێناوە.

### دووەم: سەلەفیەت

زۆر وتراوە لەسەر بنەما و مانای وشەی سەلەف و سەلەفیەت، کە پێویست ناکا لێرە زۆری بەسەردا بچینەوە، مەگەر لاکردنەوەیەکی خێرا وەک بەبیرهێنانەوە. وشەی سەلەف لە بنەڕەتدا لە ڕووی زمانەوانیەوە بە مانای ڕابردوو و پێشین دێت. سەلەفیەکان دەڵێن: سەلەف برینیە لە سەحابە و شوینکەوتووانیان واتە تابعین، هەروەها شوێنکەوتووی ئەوان واتە تابعی تابعیەکان، ئەوانەی لە سێ سەدەی یەکەمی ئیسلام ژیاون(٣). وەک ئاماژەیەکە بەو حەدیسە: چاکترین سەدە سەدەی منە، ئینجا ئەوەی دوای ئەوان دێن، ئینجا ئەوەی دوای ئەمان دێن(٤). لەلایەکی ترەوە پێناسەیەکی تری سەلەف

هەیە کە ڕەنگە لە ڕووی لۆژیکیەوە ماقووڵتر بێت وەک ئەوەی تهانەوی دەیڵێت: سەلەف لە شەرعدا واتە هەر کەسێک لە دیندا تەقلیدی مەزهەبەکەی بکرێت و شوێنی پێی بکەون، بۆ نموونە ئەبو حەنیفە و هاوەڵانی؛ سەلەفی ئیمەن(٥)، واتە پێشینی ئیمەن. بۆیە وا وردبیننەرە کە سەلەفیەت وا بناسێنین: بریتین لەو حەنبلیانەی سەدەی چوارەمی کۆچی، پاشان لە سەدەی حەوتەمی کۆچی لەسەر دەستی ئیبن تەیمیە دەرکەوتنەوە، پاشان لە سەدەی دوازدەی کۆچی لەسەر دەستی محەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب لە نیمچە دورگەی عەرەبی دەرکەوتن(٦). ئەڵبەت

**به بڕوای سەلەفیەت، مرۆڤ ناتوانێ کەس بکاتە سەرۆکی وڵات و گەورە کاربەدەست، بەڵکو ئەمە خوایە موڵکی خۆی دەداتە ئەوەی دەیەوێ و مرۆڤ نابێ داوای بکات بچێتە ناو ئەو ململانێیە**

کە دەڵێین سەلەفی، وەک لە توێژینەوەی تردا باسی جیاوازیی نێوان تەوژم و ئاراستە جیاجیاکانی ناویان کراوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی زۆربەی جاران، کۆی سەلەفیەکان لەسەر هەندێک بنەمای نەگۆڕ کۆڕا و هاوڕان. لە میانەی باسەکەدا دەردەکەوێ کەوا زادەی کام جۆری سەلەفیەتە. بە پوختی لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمان لە سەلەفی و سەلەفیەت، ئەم ئاراستەیە سەرەتا لەسەر دەستی مەلا حەمەدی عەبدولحەمید سەلەفی دەرکەوتووە، ناوبراو لە سوریا خوێندوویەتی، دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی بیری سەلەفی لە کوردستان، ناوبراو پەیوەندی لەگەڵ ناوەندە سەلەفییەکانی دەرەوەش هەبوو، بەشێوەیەک هیچ قوتابیەکی کورد لە زانکۆی (ئیمام سعود) لە سعویە بێ پشتگیری ئەو وەرنەدەگیرا. لە سلێمانیش لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، لەسەردەستی مەلا عومەر چنگیانی، بیری سەلەفی پەرەیسەند، ناوبراو ژمارەیەکی زۆر قوتابی هەبوو(٧). ئەڵبەت ئەم ئاراستەیە بە چەندان ناوی دیکەوە ناسراون وەک سەلەفیی زانستی، سەلەفیی لاجەماعی، مەدخەلی ...هتد.

**سێیەم: پرسە سیاسییەکان:**

لەو دەستەواژانەی زۆرترین پێناسەی بۆ کراوە سیاسەتە، ئەڵبەت سیاسەت لە ڕووی زمانەوانیەوە بە مانای بەڕێوەبردن و سەرداریکردنی خەڵک دێ، هەروەها بە مانای ئەنجامدانی کارێک بەو جۆرەی کە بۆ کارەکە گونجاوە(٨). هەروەها لای فەیرۆزئابادی(٩) هاتووە بە مانای سەکردایەتی و پێشەوایەتی و پاشایەتی کە لە وشەی (سوس) وەرگیراوە واتە دانانی کەسێک بۆ بەڕێوەبردنی خەڵک بەو جۆرەی وا گونجاوە بۆیان. کەواتە دەشێ بڵێین لە ڕووی زمانەوانیەوە سیاسەت واتە گرتنە ئەستۆی بەرپرسیارێتی لە هەمبەر ئەوەی بۆ خەڵک گونجاوە و چاکترینە، ئامرازێکە بۆ هەسانەوەی کۆمەڵگە و چاککردنی لایەنە جیاجیاکانی. لە ڕووی چەمکەوە سیاسەت لە وشەی (Politics)ی ئینگلیزی و (Politique)ی فەرەنسی هاتووە ئەمانیش لە بنەڕەت لە وشەی (Polis)ی لاتینی هاتووە مانای شار دەگەیەنێت، یۆنانی کۆن لە چەند شارێک پێکهاتبوو بە هەریەکێکیان دەگوترا دەوڵەتشار، ئەویش یەکەی سیاسی ئەوساکە بووە، سیاسەتیش بە شێوەیەکی گشتی لە چالاکیەکی کۆمەڵایەتیە کە گشت تاکێک لە خێزان و خێڵ و قوتابخانە و شوێنی کارەکەیدا ئەنجامی دەدات(١٠) هەروەها سیاسەت زانستی حوکمڕانی دەوڵەتە، هەرچیەکی پەیوەندیی بە

کاروباری گشتیەوە هەبێت ئەم سیاسەتە، یا هەرچی پەیوەندیی بە هونەری حوکمی دەوڵەت و بەڕێوەبردنی پەیوەندیەکانی هەبێت چ لە ناوەخۆ چ لەگەڵ وڵاتانی تر پێی دەگوترێ سیاسەت(١١). هەروەها بریتیە لەو میکانیزمانەی سەرپەرشتیارانی دەسەڵات و هەروەها کاراکتەرە کۆمەڵایەتیەکان دەیگرنە بەر لەپێناو بڕیاری دیاریکراو یاخود گرتنەئەستۆی بەرپرسیارێتی، واتە لێکدانەوەیەکی دینامیکی بۆ گشت ئەم دیاردانەی پەیوەستن بە دەسەڵات و خاوەندارێتیی ئەم دەسەڵاتە لە کۆمەڵگەدا(١٢). پرسی سیاسی، وەک: سەرۆکایەتی، حکوومەتداری، هەڵبژاردن، حزبایەتی، ئۆپۆزسیۆن، چالاکی سیاسی ...هتد.

**ڕیشەی سەلەفیەت لە کوردستاندا**

سەلەفیەت لە هەرێمی کوردستاندا مێژوویەکی زۆر قووڵی نییە، وەک باسمان کرد یەکەم دەرکەوتنی سەلەفیەت لەم ناوچەیە سالانی شەستەکان بوو لە ڕێگەی مەلا حەمدی عەبدولمەجید سەلەفی بوو، کە ناوبراو لە قوتابیە یەکەمینەکانی محەمەد ناسر ئەلبانی بوو(١٣)، ئەلبانی یەکێکە لە جەمسەرە هەرە باڵاکانی سەلەفیەت، هەرچەند ئەلبانی لەسەر شەقامی عەرەبی کاریگەریی بەهێز بوو، بە تایبەت لە وڵاتی سعوودیە، بەڵام مەلا حەمدی ئەو کاریگەرییەی لەسەر شەقامی کوردی نەبوو. دواتر لە هەشتاکان تا نەوەتەکان نەوەی دووەمی سەلەفیەکان هاتنە گۆڕەپانەکە، ئەمیش بە دوو ئاراستە، ئاراستەیەکیان درێژەدەری ڕەوتەکەی حەمدی سەلەفی بوو ناسراوترینی ئەم ڕەوتە مەلا عومەر سەلەفی (چنگنیانی) بوو(١٤)، ڕەوتەکەی تر بە کاریگەریی بزووتنەوەی ئیسلامی ئەوساکە ناسرابوون بە سەلەفیی جیهادی لە نایشیاندا مەلا کرێکار هەبوو(١٥). هەرچەند ڕەوتی یەکەم لە هەندێ سەرچاوە بە سەلەفیی زانستی ناسراون، بەڵام ئەوساکە لە کوردستان بە لاجەماعی ناسرابوون، هەرچەند کەسایەتی مەلا حەمدی کەسێکی زۆر نزیکی بارزانی بوو لە شەستەکان، بەڵام ڕەوتی لاجەماعی بە گشتی وا ناسرابوون کە نزیکی پرسە سیاسییەکان نەبوون بە ئەرێنی و نەرێنیەوە.

دوای شەڕەکانی ناوخۆ لەناو حزبە ئیسلامیەکاندا ڕەوتێکی سەلەفی خۆی بەرجەستەکرد، ئەم ڕەوتە لە جیهانی عەرەبیدا بە حەرەکی یاخود سروری ناسراون، هەرچەند لە دنیای عەرەبیدا سەلەفیی جیهادی زادەی سەلەفیی حەرەکیە بەڵام لە کوردستان بە پێچەوانەوە. لە بەرامبەریشدا لە هەناوی سەلەفیی لاجەماعی، کۆمەڵێک لە ژێر کاریگەریی بانگخوازیی سعوودی ڕەبیع مەدخەلی و ئەفریقی ئەمانوڵڵا جامی دەرکەوتن، کە خۆیان بە میراتگری ڕاستەقینەی سەلەفیەت دەزانن. بە شێوەیەکی گشتی لەم باسەماندا مەبەستمان لە

> لە بیری سەلەفیەت، ئۆپۆزسیۆن و ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵات بە هیچ شێوەیەك ڕێی پێنەدراوە. ئەوان بە شێوەیەکی ڕەها و بێ پەردە باس لەوە دەکەن، کە سەرۆکی وڵات وەلی ئەمری شەرعییە

سەلەفیەت ئەم ئاراستەیانە کە ئێستا لە کوردستان وێڕای ئەوەی چەند ئاراستەیەکن لەناو یەک بیردا، بەڵام دەرکەوتەی ڕاگەیاندنیان لە سۆشیال میدیا و کەناڵی ئامۆژگاری و سایتی بەهەشت هەیە. گەورەی دیارترینی ئاراستەی ئەم گرووپە کەسایەتی عەبدولەتیف ئەحمەدە. هەرچەند ئەم ئاراستەیە زادەی چەندان ترازانی ناو ماڵی سەلەفیەتە، بەڵام لە ئێستا ئەم ئاراستەیە پتر بوونەتە دەرکەوتەی رووکاری (واجیهەی) سەلەفیەت.

ئەڵبەت ئەم ئاراستەی سەلەفی کە مەدخەلی ناسراون، ئەمە دەشێ بە هەڵەیەکی میتۆدی دابنرێت، چونکە ڕەوتی سەلەفی و لق و پۆپەکانی بەردەوام گەمەی ترازان و پارچەبوون دەکەوێتە نێوانیان، بۆ نموونە کەسایەتی عەبدولەتیف ئەحمەد لە سەرەتای دەرکەوتنی خۆری کەسێنیی، پەیوەندیەکی تۆکمەی لەگەڵ ڕەبیع مەدخەلی هەبوو، چەندان سەردانی کردووە و تەزکیەی مەدخەلی وەک پشتگیریی مەنهەجی و عەقائیدی هەبووە و بە کەسایەتیەکی گەورە و بەیداخی سەلەفی سەرانسەری عێراق وەسفی دەکات(١٦). بەڵام ئەم ڕەوتە وەک باوە بێ نەیار ناژیت، بۆیە ئاسایی لەناو خۆیاندا ئاسان دەکەونە بەربەرەکانی و نەیاری یەکتر، ئەم هەموو تەزکیەی ڕەبیع مەدخەلی درێژە ناکێشێت، مەدخەلی تەبەڕا دەکات لێی بە گومڕا و بێ کەرامەت ناوی دەبات. ئەم ڕەوتەی ئامۆژگاری، ناچار بە دوای ڕێبەرێکی تر کەوتنە گەڕان، ئەویش کۆنە دۆستێکی تری پێشووی ڕەبیع مەدخەلی و نەیاری ئێستایەتی، عەلی حەلەبی. بۆیە ئەم ئاراستەیە لە پۆلێنکردنی لق و پۆپەکانی سەلەفیەت ئێستا لەسەر حەلەبیەکان دەژمێردرێن(١٧).

ئەمەش دوای ساڵانێک قسەگوتن و ڕەخنەی توند، عەبدولەتیف ئەحمەد لە تۆمارێکی دەنگیدا تەوبە دەکات لەم سنووربەزێنیانەی و بە زمانێکی موریدانە پەشیمانی خۆی لە خزمەتیدا دەردەبڕێت(١٨). ڕەنگە بەشێکی سەرچاوەکانی لەم باسەدا بەکارهاتوون، هی ئەو سەردەمەن کەوا عەبدولەتیف ئەحمەد و هەواداراني سەر بە ڕەبیع مەدخەلی بوون و ڕاستەوخۆ ڕێنماییان لەو وەرگرتووە، بەڵام بۆیە بەکارهاتوون چونکە تا ئێستاش لەسەر سایتی ڕەسمی بەهەشت ئەم سەرچاوانە ماون و لانەبراون و وەک سەرچاوەی جێبایەخ (معتبر) ڕەچاوەکرێن لە دیدی سەلەفییەکاندا.

### هەڵوێستی سەلەفیەکان لەمەڕ پرسە سیاسییەکان

کە باسی پرسە سیاسییەکان دەکرێت بە ورد و دوور و درێژی زۆر لایەن دەگرێتەوە بەڵام ئێمە هەوڵمان داوە لە توێژینەوەیە جەخت بکەینەوە سەر ئەو تەوەرە سەرەکیانەی زۆرێک لە وردە باسەکانیش دەچینە ناو چوارچێوەیانەوە:

### یەکەم: بەشداریی سیاسی

بە گشتی کۆی بەشداریکردن لە سیاسەتدا، لەلای سەلەفیەکان بانگەشەی بەشدارییەکردنی دەکەن، هانی گشتی خەڵک دەدەن کە بەشداری تێدا نەکەن. سەرقاڵبوونی گەنجان بە سیاسەت هەڵەیەکی زەق و لادانێکی مەترسیدارە، لە دینی خوادا نییە تۆ خەڵک بە سیاسەت سەرقاڵ بکەیت و شتێکی بێ سوودە. هەروەها سیاسەت کاری کۆمەڵانی گشتی خەڵک نییە و بەڵکو ئەمە خەڵکی خۆی هەیە و ئەرکی دەسەڵاتدارانە! بە پێچەوانەوە لادانە لە پەیڕەوی دینی خوا(١٩). ئەمە چەند دێڕێکی سادە نییە بەڵکو ئەمە دەیان وتار و بابەتی زانا گەورەکانی سەلەفیەتە وەک عەبدولعەزیز بن باز موفتی پێشووی سعوودیە و محەمەد بن ساڵح عوسەیمین گەورە زانای سەلەفی سعوودی و محەمەد ناسرەدینی ئەلبانی و ساڵح فەوزان ئەندامی کۆڕبەندی فیقهی لە مەککە و ئەندامی دەستەی گەورە زانایان و ڕەبیع مەدخەلی گەورە زانای سعوودی و دکتۆری جەرح و تەعدیل لە زانکۆی ئیسلامی لە مەدینە و محەمەد ئەمان جامی گەورە زانای سعوودی بە ڕەچەڵەک ئەسیوبی و مامۆستای ڕەبیع مەدخەلیە. بە پەیام و بە وتار و بە دەرس گوتنەوە جەخت لەسەر ئەم بنەمایانە دەکەنەوە. هەر چەند ئەمە گەر بایکۆتی سیاسەت بێت، بەڵام خۆی لە خۆیدا سیاسەتە، هەر سیاسەتە و بە ئاراستەیەکی دیاریکراو. سەبارەت بە سەلەفیەکانی کوردستانیش سەرەڕای پابەندیان بەو گەورە سەلەفیە ناوبراوانە، زۆر جار دەکەونە ناو گەمە سیاسیەکانەوە، گەر ئەم بەشدارینەکردنە لە پرسی سیاسی هەر خۆی گەمەیەکی سیاسی نەبێت.

### دووەم: سەرۆکایەتیی وڵات

بە بڕوای سەلەفیەت، مرۆڤ ناتوانێ کەس بکاتە سەرۆکی وڵات و گەورە کاربەدەست، بەڵکو ئەمە

خوایە موڵکی خۆی دەداتە ئەوەی دەیەوێ و مرۆڤ نابێ داوای بکات بچێتە ناو ئەو ململانێیە(٢٠). ئەمە نەک هەر بابەتێکە تەنیا ئیبن تەیمیەی پێش سەدان ساڵ وای باوەڕ پێ بووە یاخود بنەمای پێشینانی کۆنی سەلەفیەت باوەڕیان وایە، بەڵکو ئەمە وەک بنەمایەکی دینی زۆربەی هەرە زۆری ئەم ئاراستەیە تەبەنیان کردووە، بۆ نموونە ڕاستەوخۆ دوای بڵاوبوونەوەی کتێبی گەورە سەلەفی ئەم سەردەمە سەلیم بن عید هیلالی بە ناوی (السلفیون والسیاسة)، پوختەی ئەم کتێبە دەکرێتە کوردی و جەخت دەکەنەوە سەر ئەوەی بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات نابێ کەس داوای بکات و ململانێ و پێشبڕکێ بکات، ئەمە سیاسەتێکی ناشەرعیە و دەبێ موسڵمان خۆی لێ بەدووربگرێت، بەڵکو ئەرکی موسڵمان ئەوەیە دینەکەی پاک بکات و خۆی شارەزا بکات و فێری زانستی شەرعی بێت، هەروەها ئەو بیرۆکەیە ڕەتدەکەنەوە کە هیچ حزب و گرووپێکی سیاسی دەسەڵاتیان مەبەست بێت، بەڵکو مەبەستی سەرەکی مرۆڤ پەرستنی خوایە(٢١)! ئیتر کاری موسڵمان بە ڕای سەلەفیەت ئەمە نییە بچێتە ناو هیچ پرسێک سەبارەت بە داواکردنی دەسەڵات و سیاسەتکردن بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات، بەڵکو کاری هەر پەرستنە. تاکی دیندار تەنیا لە چوارچێوەی خواپەرستیدا دەبزووێت، هەر جموجۆڵێکی پتر لەمەی هەبێت، ئەوا تەنیا لەسەریەتی زانست و زانیاری شەرعی پەیدا بکات، پەیوەست بە عەقیدە و بابەتەکانی تری دینی لەو ڕوانگەیەوە.

### سێیەم: دەستاودەستی دەسەڵات

بە بڕوای سەلەفیەت، گەورەی وڵات مادام خۆی بە موسڵمان دانا، ئیتر ئەوە گەورە و ئیمامی سەلەفیەت و موسڵمانانە، هەر گەورەی وڵاتە و نابێ گەورە و سەرکردەی تر هەبن و گوێڕایەڵی بن و نەک گوێڕایەڵی سەرۆک حزبەکان(٢٢)! ئەڵبەت ئەمە ڕوونە کەوا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هیچ سەرکردەیەک بە ڕوون و ئاشکرا ناڵی من موسڵمان نیم! بە تایبەت لە وڵاتانی زۆرینەی موسڵمان.

ئینجا ئەم دەسەڵاتەی سەرۆکی وڵات تا کەی دەخایەنێت؟ بە ڕای سەلەفیەت وایە ئەوەی بووە دەسەڵاتداری یەکەمی وڵات، کەس بۆی نییە داوای پێگەکەی بکات(٢٣). بە پێی ئەم بڕوایە تا ئەوساکەی خۆی بیەوێت، ئەم دەسەڵاتەی هەر بەردەوام دەبێت، مەگەر خۆی نەیەوێت یا بمرێت. حوکمێکی درێژخایەنی ماوە نادیارە. ئەمە لە حاڵێکدا زۆرینەی سەرۆکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شەرعیەتی دینی بێت یاخود نەتەوەیی ... تاد بەردەوامن لە حوکمداری. ئەمە بە جۆرێک درێژەدانە بە حوکمی دیکتاتۆری و داهێنانی سیستەمی سەرۆکایەتیی بۆماوەیی(٢٤)..

> ## بەلای سەلەفییەکانەوە حزبی ئیسلامی بە هەموو تەوژمەکانیانەوە، بەشێکن لە گرووپەکانی ئەهلی بیدعە

حاڵەتێک هەیە لە بڕوای سەلەفیەت کە پێی دەگوترێ حوکمڕانی زاڵ (الحاکم المتغلب) ئەمەش ئەو دەسەڵاتدارەیە کە خۆی بە موسڵمان دادەنێت و دەسەڵاتێکی بەهێزی هەیە و بە زەبری هێز توانیویەتی کە حوکمڕانەکەی پێشتر لابدات و بە زەبری ئەو هێزەی هەیەتی حوکم دەکات(٢٦) ئەمە گەر هەر هێزێک بە ڕووکەش موسڵمانەتی بکات و

ئەوەی ئەمڕۆ پێیان وەلی ئەمری شەرعیە لای بداث، و خۆی جاڕی حوکمداری بداث، بۆ نموونە گەر ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام بیتوانیایە سەقامگیر بێت لە هەرێم، ئەوساکە ئەم وەلی ئەمرە لەبری مەسعود بارزانی کە لەو کاتەدا سەرۆک بوو دەبووە ئەبوبەکری بەغدادی بەپێی ئەم ڕێسایە. کە ئەم پرسیارە ڕووبەڕووی بانگخواز و گەورەکانی ئەم ئەوژمە کراوە، ئەوساکە بۆ ماوەی چەند ساڵ موسڵ و ڕەقە و دێرزوور و ناوچەکانی تری عێراق و شام، کێ وەلی ئەمر و حاکمی شەرعی ئەم ناوچانەیە، گەر بە پێی پێوەرەکان بێت دەبوو بەغدادی حاکم بێت. بەڵام لەبەر هەستیاریی و پرسی ئەمنی، خۆیان لەم پرسیارانە بە وەڵامی لاوەکی دەدزیەوە.

**چوارەم: ئۆپۆزسیۆن**

وەک چۆن هاوڵاتی ئاسایی و موسڵمانی عەوام کاری ئەوە نییە سەرقاڵی سیاسەت بێت، بە هەمان شێوە لە بیری سەلەفیەت، ئۆپۆزسیۆن و ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵات بە هیچ شێوەیەک ڕێی پێنەدراوە. ئەوان بە شێوەیەکی ڕەها و بێ پەردە باس لەوە دەکەن، کە سەرۆکی وڵات وەلی ئەمری شەرعییە، هەر کەسێکیش لە دوای ئەو داوای سەرۆکایەتی بکات، چ لە حزبە ئیسلامییەکان بێت، چ لە عەلمانیەکان، کە داوای دەنگ و هەڵبژاردنیان دەکەن، گەر بە شەرعی خوا بکەین، نەک نابێ هەڵبژێردرێن، بەڵکو یا دەبێ پەشیمان بێنەوە یا دەبێ لە ملی بدرێ(٢٦)! ئەمە گەرچی ڕەنگدانەوەی واقعی زۆرێک لە فتوا کۆنەکانی جیهانی ئیسلامییە، بەڵام لەگەڵ دنیای هاوچەرخ ئەستەمە یەک بێنەوە، چونکە ئەمە زادەی پیرۆزکردنی دەسەڵاتە، لە دنیای ئەمڕۆ دنیای دارنینی پیرۆزیە لە دەسەڵات بەڵکو لۆجیکتر ئەمەیە کە دەسەڵات هێندەی ئەرکە هێندە پیرۆزیی سەروو مرۆڤ نییە، هێندەی ئەکلیفە هێندە ئەشریف نییە. گەرنا دەسەڵات وەک سەدەکانی ناوەڕاست شێوەیەکی نیمچە خوداوەندیی وەردەگرێت، بۆیە پرسی ئۆپۆزسیۆن بوون پرسێکی جیهانییە و ئەواوکەری سیستەمی حوکمە، گەر بەو پێوەرە سەلەفیش بێت، ئەوا ئەم دەسەڵاتەی ئێستاش ئۆپۆزسیۆنی ڕژێمی پێشوو بووە، دەبوو بەر لە کەوتنی ڕژێم سەرکردایەتی ئەم دەسەڵاتە لە ملی درابا!

**پێنجەم: حزب**

ئەڵبەت کە ئۆپۆزسیۆن ڕێی نەدرێت لەم بیرکردنەوەیە، ئەوا پێکهێنانی حزب بە هەمان شێوە ڕێی نەدراوە، زۆر بە ڕاشکاوانە لە بیرکردنەوەی ڕەوتی سەلەفیدا، حزبایەتی خەڵکی لێ دەرەوێنرێتەوە، بە تایبەت حزبە ئیسلامیەکان، چەندان کتێب و نووسینیان لەسەر ئەم پرسە لە کتێبخانەکان هەن.

حزبی ئیسلامی بە هەموو ئەوژمەکانیانەوە، بەشێکن لە گرووپەکانی ئەهلی بیدعە، ئەڵبەت کە دەڵێن حزبە ئیسلامیەکان نەک هەر مەبەستیان حزبە جیهانیەکانی وەک ئیخوانی موسلمین و جەماعەتی ئەبلیغ و ئەمانە بێت، بەڵکو مەبەستیان حزبە ئیسلامییەکانی کوردستانە(٢٧). لەم سەرچاوەی ئاماژەپێکراو ڕاشکاوانە لەسەر سێ حزبە ئیسلامیەکەی کوردستان ئەمە نەقڵ کراوە.

هەروەها حزبە ئیسلامیەکان و لەو (٧٢) تاقمەن کە دەچنە ناو دۆزەخەوە(٢٨)! ئەمە نەک هەر لە دنیا ڕێی مومارەسەی سیاسی دەگرن، بەڵکو ڕێی چوونە بەهەشتیش لەو موسڵمانانە دەگرن کەوا لە کایەی حزبایەتیدا کاردەکەن. ئەڵبەت ئەم ڕایەی ئەم ڕەوتە لەسەر ئیسلامیەکان بێت، ئەڵبەت لەسەر عەلمانیەت دەبێت چۆن بێت. لای سەلەفیەت؛ عەلمانیەت دوو جۆری هەیە، یا ئەوەتا بە بیروباوەڕ عەلمانیە، یا بەرژەوەندیخوازە! هەرچی جۆری یەکەمە کوفری بیروباوەڕە و پێ لە دین دەردەچێت! بەڵام جۆری دووەم کوفری عەمەلیە و ئاوانێکی گەورەیە، بەڵام لە دین دەرناچێت!؟ بەڵام ئەمیش وردە وردە هەنگاو بە هەنگاو خەڵکی بەرەو بێدینی ئیلحاد دەبات، ئەنانەت پزیشک و ئەندازیاری عەلمانی لە کارەکانیان جێی متمانە نین(٢٩)!؟ ئەمە لە کاتێکدا کۆمەڵێک دژەوانە دەخاتەوە لەگەڵ بنەمای دەسەڵاتی سەرۆک

وەک وەلـی ئەمـر، داخـۆ حزبەکانـی دەسـەڵات لـە هەرێـم کامیانـن؟ گـەر ئیسلامی بـن ئـەوا دەبـێ گومـڕا بـن، چـۆن خەڵـک ملکـەچ دەکرێـت بـۆ گوێڕایەڵـی کەسانی گومـڕای دۆزەخـی!؟ گـەر عەلمانیش بـن ئـەوا پرسـەکە زۆر ئاڵۆزتـرە. ئەمـە جگـە لـەوەی لـە ڕووی کۆمەڵایەتیـەوە، ئەمـە پـڕ ناتەبایـی دەخاتـەوە، چونکـە چـۆن دەکـرێ پسـپۆڕی پزیشـکێک یـا ئەندازیارێـک لەسـەر بنەمـای ئایدیۆلۆجـی لێـک بدرێتـەوە.

### شەشەم: دیموکراسی

ئـەم چەمـک و زاراوە بیـری و سیاسـیانەی سـەدان سـاڵە لێکدانـەوەی بـۆ دەکرێـت، هەندێـک جار لـە چوارچێوەی بیرێکـی دیاریکـراو لێکدانـەوەی زۆر بەرتەسـکی بـۆ دەکرێـت ڕەنگە ئەسـتەم لەگـەڵ ئـەم مانا و لێکدانـەوە بێتـەوە یـەک. لـەو چەمکانـەش دیموکراسـیەتە، بـە بـڕوای زانایەکـی گـەورەی سـەلەفیەت؛ دیموکراسی واتـە بەحەڵاڵزانینـی حەرامکراوەکانـی وەک زینـا و نێربـازی و مـەی و سـوو! هەروەهـا پشـتگوێخسـتنی هەمـوو ڕەوشـتە بـەرزەکان، هەروەهـا پشـێوی و پاشـاگەردانیە لـە دیـن و ڕەوشـت بـە نـاوی ئـازادی و یەکسـانی دروێنـە لەنێـوان ڕاسـت و ناڕاسـت و سەرخسـتنی ناڕاسـت و ناڕەوا بەسـەر ڕاسـتی و جنێـودان و سـوکایەتیە(٣٠) ئەمـە ڕای گـەورەتریـن زانـای ئـەم ڕەوتەیـە لـەم سـەردەمە لەسـەر دیموکراسـی. هەرچـی لادانـی سێکسـیە داویەتیـە پـاڵ دیموکراسـی، هەروەهـا دژایەتیکـردن و جوێـن و سـوکایەتی، ئەمانـە لـە چ تێزێـک بـۆ دیموکراسـیدا هـەن؟ ئەڵبـەت نووسـەری ئـەم کتێبـە لـە وڵاتێکـی وەک سـعوودیە دەژی، تـا ئەندازەیـەک ئاسـاییە لـە مانـای دیموکراسـی تێنـەگات، بـەڵام ئـەم کتێبە بـە زمانی کوردی لـە کوردسـتاندا وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمانـی کـوردی بـە ئاگاداری و پشـتگیری نووسـەرە سعوودیەکەی! ئەڵبـەت ئـەم پیرۆزیدانـە بـە دەسـەڵات و هێشـتنەوەی لەسـەر کورسـی و دژایەتیکردنـەی دیموکراسـی و وا حاڵیبـوون لێـی، ئاماژەی تەندروسـت نیـن لـە ڕووی سیاسـیەوە، چ جـای لـە ڕووی کۆمەڵایەتیـەوە، کۆمەڵێـک دارمانـی ئاکاری و لادان و خراپەکاری بەسـتنەوە بە دیموکراسـی، هـەم تێنەگەیشـتنە لـە دیموکراسـی ئـەم لـەم کێشـانە.

### حەوتەم: چالاکی سیاسی

مەبەسـتمان لـە چالاکـی سیاسـی، هـەر تەنیـا کاری ڕێکخسـتن و پرسـەکانی تـری حزبایەتـی نییە، بەڵکو هەر جموجۆڵێکـی سیاسـی جەماوەری لـە دەرەوەی حزبایەتی، وەک ناڕەزایـی و خۆپیشـاندان و کەمپیـن و ڕەخنەگرتـن لـە دەسـەڵات و سیاسـەت .. تـاد. کاری موسـڵمان سـەبرگرتنە و خۆپیشـاندن هـۆکاری خوێنڕێـژی و ئـاژاوە و کێشـەیە و کاری خراپـەکاری زۆری لـێ دەکەوێتـەوە، بۆیە چارەسـەر گەڕانەوەیە بـۆ لای خوا و لە خواترسان، بـەم شـێوەیەش، هـەر خراپـەی سـەرکردەکان هەبـن، خـوا چاکیـان دەکات، هـەر لادانێکیش لەمـە دەرچوونـە لـە بنەماکانـی دیـن(٣١). بـەم پێیـە هەرچـی بەشـداریە سیاسـییە مۆدێرنەکانـی لـەم سـەردەمە هەیـە، هەمـووی دەبەسـتنەوە بـە پرسـی سـەرووی سرووشـت و توانا خواییەکان، و لـە توانـای مرۆڤدا نیـە هیـچ چاکسازیەکی سیاسـی بـکات بـەم چالاکیـە سیاسـیانە. بەڵکـو هـۆکاری کەوتنـەوەی کێشـە و ئاشـووب لـەم چالاکیانـە پەنجـەی تۆمـەت تەنیـا بـۆ خەڵـک و هاوڵاتـی درێـژ دەکرێـت، نـەوەک لایەنـی دەسـەڵات و پەیوەندیـدار، لـە کاتێکـدا لـە سـەدان وڵاتانـی جیهـان بـە تایبـەت پێشـکەوتووەکان چەنـدان خۆپیشـاندان و ڕێپێـوان و ناڕەزایـی چەنـدان حەفتـە و مانـگ دەخایەنێـت، دەگمـەن وایـە ئـاژاوەی لـێ بکەوێتـەوە، ئەڵبـەت نـەک پەیوەندیـان بـە ئیسـلامەتیەوە نییـە، بەڵکـو زۆرینەیـان وڵاتانـی ناموسـڵمانن هیـچ پەیوەندییـەکان بـەم تێگەیشـتنە دینیـەوە نیـە.

### هەشتەم: ئازادیی بیر و ڕا

لـە بیـری سـەلەفیەتدا، ئەمـە سـەرچاوەی لـە جوولەکـە و گاور و عەلمانیەکان وەرگرتووە، دەیانەوێت مرۆڤ ڕیسوا بێـت چـی دەپەرسـتێت هەڵـی بژێرێـت و بـۆ ئارەزووبازی و ڕۆچـوون لـە کـردەوە ناشایسـتە و ئابڕووبەرەکان(٣٢). ئەمـە لـە کاتێکـدا چـی فـەزای کارکـردن و بـواری ژیـان هەیـە بـە بـێ ئـازادی زۆر سـەختە، چ جـای ئـەوەی ئازادی بخرێتـە خانـەی تـاوان وەک چـۆن ئـەم ڕەوتانـەی


KCCRC
ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

بە سەرچاوەی ئازادی دادەنرێت، بەوپەڕی ئازادییەوە ئەوانیش تاوانبار بکرێن. ئەڵبەت مرۆڤ گەر ئازاد نەبێت بەوەی هەڵی دەبژێرێت، ئەوا زیانکەوتووی یەکەم ئەو ئاراستەیە دەبن کە لەژێر سایەی حوکمێکی جیاواز لە خۆیان بژین، ئەوساکە ئەم ئازادییە بەوان نەدرێت، چۆن دەکەونەوە ژێر ڕکێفی بیروباوەڕێک کەوا ناتوانن باوەڕی پێ بهێنن.
هەر بانگەوازێک بۆ کوفر و هاوەڵدانان بڕیاردان بۆ خودا و پارێزگری پیسی بتپەرستی و حەڵاڵکردنی گەواهی ناڕەوا و کفر و زینا بە ناوی ئازادی و ئازادی دەربڕین(٣٣)! بە شێوەیەکی گشتی بیرە نەرێنیەکان

> **کاری موسڵمان سەبرگرتنە و خۆپیشاندن هۆکاری خوێنڕێژی و ئاژاوە و کێشەیە و کاری خراپەکاری زۆری لێ دەکەوێتەوە، بۆیە چارەسەر گەڕانەوەیە بۆ لای خوا و لەخواترسان**

بەردەوام ئەم کێشەیە لە ئازادیدا دەبینن، هەر کاتێک باس لە ئازادی تاک دەکرێت، یەکسەر ئاراستەکان ڕووە و ئازادی سێکسی دەچن، کە باسی ئازادیی ئافرەت دەکرێت، لێکدانەوەکان بەرەو ڕووتی و لەشفرۆشی دەچن. سەرباری ئەوەی، هەر ئاراستەیەکی دنی جیا لەوان بە پیسی و گەواهی ناڕەوا دابنرێت. گەر پاڵنایی ئازادی نەبێت، ئەوا هەر لایەک هەژموونی ڕەهای هەبوو، ئازادیەکانی زەوتکرد، دواجار هەر ئەم دەستەواژانە بە نەیارەکانی دەبەخشێنەوە. ئەمە جگە لەوەی ساڵانە بەردەوام بانگخوازانی سەلەفی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بە ئازادی دەسووڕێنەوە بانگەشە بۆ ڕایە دینیەکانیان دەکەن. ئەمە بە جۆرێک دژەوانەی بیری و کردارییە.

### نۆیەم: بەرامبەر دینەکانی تر

ئەوەی ڕێزی ئیسلامی لایە با بە خۆیدا بچێتەوە و شەرم بکات لەوەی پەنا بەرێت بۆ ئازادی ئایینداری و ڕێزگرتن لە ئایینەکان، کە خوا پێغەمبەرانی ناردووە بۆ ئەوەی لەناویان ببات(٣٤)!! ئەمە ڕای ڕاشکاوی سەلەفیەتە بەرامبەر نەک دینەکان، بەڵکو بەرامبەر بوونی ئازادیی بۆیان. هەروەها بە ئاشکرا ڕەوتی سەلەفیەت ئەم پچڕانە دەکاتە دوو تای کوفر و ئیمان. ئەم هەموو تێکەڵی و پێکەڵیە و بەزۆر لکاندنی بە دینێک و تەڵقیندانی خەڵکی ڕەشۆک، چۆن شینەڵ دەکرێ بە ئاسانی، لە کاتێک بابایەکی زانای مێزەربەسەر بە ئاسانی دەتوانی بیخاتە مێشکی ئاکی سادەی دیندار. بە سەختی دەتوانیت ئەو پرسیارە بخەیتە مێشکی ئەم هەموو تەڵقیندانە نازانستییە و هاندانە دژەدینیە، تەنانەت هەندێ جار ئەمە کاری کردۆتە گشتی موسڵمانان. کە زۆرێکی مەلاکان لە زۆرێکی وتارەکانی هەینیدا لە کۆتاییدا دوعای مەرگ و لەناوچوونی جوو و دیان دەکەن.

### دەیەم: ململانێی ناوخۆیی

هەر تەوژم و ئاراستەیەک بەردەوام لەسەر خۆجیاکردنەوە و جیاکردنەوەی ئەوانی تر کاربکات. ئەوا زۆر ئاسایی لە هەر بارودۆخێکدا ترازانی تێدەکەوێت. چونکە سروشتی مرۆڤ وایە، کەس کۆپی سەد لە سەدی ئەوی تر نییە. بۆیە لە هەر دەرفەت و پێشهاتێکدا ئاسایی جیاوازیی دەردەکەون. وەک یەکتر تۆمەتبارکردن لەسەر پێدانی زەکات بە کەناڵی ئامۆژگاری سەلەفی سەر بە باڵی عەبدولەتیف و بەرەکەی تر عەبدولکەریم قادر ئیمام و وتارخوێنی پێشووی مزگەوتی ئیمان لە گردی مامەیارەی سلێمانی(٣٥)! بگرە یەکتر وەسفکردن بە حەسوودی و

ڕق و وەسفی سەیر و سەمەری تر، ئەمە جگە لەم ترازانەی تری ناو ئەم گرووپە کە بەشێکیان ناوی لە بەشەکەی تری ناوە حەدادی(٣٦) وەک ئاماژەیەک بۆ بانگخوازیی ناوداری سەلەفی مەحمود ئەحمەد حەداد کە خەڵکی شاری ئەنتایە لە میسر. ئەمە جیا لەوەی جیابوونەوەی چەندان پارچەیان لە یەکتر هەریەک ناوێک لەوینر دەنێت وەک: ئیرجاء و حەلەبی(٣٧) و چەندان ناوی تر. پێشبینیکراوە هەریەک لەم لق و پارچانەش لە ئایندە لەناو یەکتردا پارچە و ترازانی تریان لێبکەوێتەوە.

**ئەنجام:**

١. نەبوونی هۆشیاریی وا لە دینداری سادە دەکات تەنیا خەریکی پەرستن بێت و دوورکەوێتەوە لە سیاسەت. بە پاساوی دین، ئەمەش ڕادەستی تەنیا دەستەبژێرێکی کۆمەڵگە بکرێت. جا بە جارێک کۆمەڵگە دەگێڕێتەوە ئەو سەردەمانەی کەوا دەسەڵات وەک سێبەرێکی خوایی سەیردەکران. لە کاتێکدا لە کۆمەڵگەی کراوە و پێشکەوتوودا بۆ هەمووان کراوەیە، تا بەشداری بکەن لە سیاسەتدا بەمەش کۆمەڵگە جموجۆڵی پتری دەکەوێتەوە و پەرە دەسەنێت.

٢. ئەم بیرە سەلەفیانە دەرگای دیکتاتۆری دەخەنە سەرپشت بۆ چینێکی تایبەتی کۆمەڵگە بەڵکو بۆ یەک کەس و خێڵ و داخستنی دەرگەی دیموکراسی بەسەر کۆمەڵانی خەڵک، ئەمە بە جارێک کۆمەڵگە دەخاتە دۆخێکی چەقبەستوو، هەروەها نەهێشتنی ئازادی بیروڕا، بە دۆخێکی زۆرەملێ و هەموو کۆمەڵگە بە یەک ئاراستە لێ دەخورێت، هیچ جیاوازیەکی تێدا بەدی ناکرێت. هەر نارەزاییەکیش دەنگی کپ بکرێت و ناچاری ئارامی و دوعا بێت بۆ دەسەڵاتدار تاکو چاکساز بێت.

٣. ئەم هەوڵدانە بۆ یەکخستنێکی وەهمیانەی تاکەکانی کۆمەڵگە و بەشێوەیەکی زۆرەملێ، گەر تاکە زۆرلێکراوەکان ڕاسنەوخۆش کاردانەوەیان نەبێت، بەڵام پاشان دەشێ هەر ئەم دۆخە خراپتر بنەقێتەوە بە رووی ئارامیی کۆمەڵگە. ئەمە هەڵوێستێکی نەرێنیە بەرامبەر هەر بزووتنەوەی سیاسی و حزب و هاوپەیمانیەکیش لە مومارەسەکردنی ئۆپۆزسیۆنیدا، کەلێنێکی گەورە دەخاتە پرۆسەی سیاسیەوە، ئەمە بە جارێک ڕقی پەنگخواردوو پتر دەکات بەرامبەر کایەکانی دەسەڵات.

٤. دیاردەی پشتکردنە یەکتر لەسەر ڕایەکی دینی، بیرێکی نامۆیە بە گشتی و بە تایبەت لە کۆمەڵگەی کوردەواری. جا بە هەر پاساوێک بێت، بە جۆرێک لە جۆرەکان داتاشینی ئایدیۆلۆجیایەکە لە دین یاخود مەزهەب یا ئاڕاستەیەکی دیاریکراو لەناو چوارچێوەی ئیسلامەتی.

٥. لە ناوخۆی سەلەفیەتدا جیاوازیی بیروڕا و یەکتر قبووڵکردن بوونی نییە، لەسەر تەفسیری جیاواز دەگەنە سڕینەوەی یەکتر و پچڕاندنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیان. واتە تێکدانی ڕەوشی گشتی کۆمەڵگە و شیرازەی خێران بە تایبەتی. چونکە لە هەڵوێستی سیاسی و دینیەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە تۆمەتی تەکفیر و بتپەرستی و بیدعە و گومڕایی و تۆمەتی ڕەوشت.

٦. نەخوێندنەوەی دۆخی ئەمڕۆ و جیهان، چ لە دەرەوەی دین، چا هاودین، هەر لەم بازنەیە ناوەستێ. بەڵکو ئەگەر ئەمە ببێتە ڕێسایەک بۆ کۆی ژیان، ئەوا بە هۆی بوونی جیاوازییەک لەناو خودی هەمان ئاڕاستەش، دواجار ڕەوتی جیاجیای لێ دەکەوێتەوە و دەبێتە هۆی ترازانی ناوخۆیی. ئەمە لە دوا قۆناغدا جۆرێک لە نامۆبوون دەخاتەوە، وەک ئەوەی تاک خۆی بە تەنیا بمێنێتەوە نەتوانێ هیچ خوێندنەوەیەکی بۆ کەسی تری جیاواز لە خۆی هەبێت. ئەم جۆرە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوی تر، کاریگەریی نەرێنی لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت.

## سەرچاوەکان


(١) فيريـول، جيـل (٢٠١١) معجـم مصطلحـات علـم الاجتمـاع. المكتبـة الجامعـة. ترجمـة و تقديـم: انسـام محمـد الأسـعد، مراجعـة واشـراف: ا.د. بسـام بركـة. لبنـان: بيـروت، دار ومكتبـة الهـلال. ص٣٣-٣٤.

(٢) الصالـح، مصلـح (١٩٩٩) الشـامل قامـوس مصطلحـات العلـوم الاجتاعيـة، انجليـزي - عربـي، مـع تعريـف وشـرح المصطلحـات. السـعودية: دار عالـم الكتـب للطباعـة والنشـر والتوزيـع. ص٥٣.

(٣) السـيلي، عبـد العزيـز (١٩٩٥) العقيـدة السـلفية بيـن الإمـام ابـن حنبـل والإمـام ابـن تيميـة. ط:٢. القاهـرة: دار المنـار. ص٢٤.

(٤) البخـاري، الامـام(١٩٨١) صحيـح البخـاري. ج:١. لبنـان: بيـروت، دار الفكـر. ص١٥١.

(٥) التهانـوي، محمـد بـن علـي (١٩٩٨) كشـاف اصطـلاح الفنـون. تحقيـق: احمـد حسـن بسـج. ج:٢. لبنـان: بيـروت، دار الكتـب العلميـة. ص٣٥٨.

(٦) ابـو زهـرة، محمـد (بـلا تاريـخ طبـع) تاريـخ المذاهـب الإسـلامية. لبنـان: بيـروت، دار الفكـر العربـي. ص١٧٨.

(٧) سـیوەیلی، ئیدریـس (٢٠١٧) سـەلەفیەت لـە هەرێمـی کوردسـتان ڕێشـە و مێـژووی سـەرهەڵدانی. سـلێمانی: ناوەنـدی کوردسـتان بـۆ توێژینـەوە لـە ململانـێ و قەیـران. مێـژووی سـەردانیکردنی سـایتەکە (٢٠٢١/٦/٢٧) لینکـی بابـەت:

https://www. kurdistanc. com/Islamic/details. aspx? jimare=٥١٣٤&fbclid=IwAR١LV٥FZQT٠JkB٦Ee٠-RkE oqPn٠O٥nagZAFDv١LcsU٧oitxpUONMrOyYvmY

(٨) ابن منظور (١٩٨١) المصدر السابق. ص٢١٤٩-٢١٥٠.

(٩) الفيروزآبـادي، مجدالديـن محمـد بـن يعقـوب (٢٠٠٥) القامـوس المحيـط. تحقيـق مكتـب تحقيـق التـراث فـي مؤسسـة الرسـالة باشـراف محمـد نعيـم العرقسوسـي. ط:٨. لبنـان: مؤسسـة الرسـالة. ص٥٥١.

(١٠) ابراهيـم، محمـد زروق محمـد & عبـاس، ايهـاب عبداللـه (٢٠١٩) مبـادىء العلـوم السياسـية. السـودان: المكتبـة الوطنيـة. ص٨-٩.

(١١) دوفرجيـه، موريـس (١٩٩١) علـم اجتمـاع السياسـة. ت: سـليم حـداد. بيـروت: المؤسسـة الجامعيـة للدراسـات والنشـر والتوزيـع. ص١٩.

(١٢) فقيهـي، محمـد(٢٠١٥) دروس فـي علـم السياسـة، السداسـية الأولـى. المملكـة المغربيـة، فـاس: جامعـة سـيدي محمـد بـن عبداللـه، كليـة العلـوم القانونيـة والاقتصاديـة والاجتماعيـة. ص١٣.

(١٣) عالایـی، عەبدوڵـا فایـق (٢٠١٥) سـەلەفییەت و کۆمەڵگـەی کوردیـی. زنجیـرەی ئاییـن ناسـی- کتێبـی دووەم. هەولێـر: ماڵـی وەفایـی. ل٧٧.

(١٤) سـيويلي، ادريـس(٢٠١٧) السـلفية فـي اقليـم كردسـتان العـراق: تيـارات وشـخصيات، كتـاب السـلفية فـي كردسـتان، تحريـر محمـد حريـري، الامارات: مركـز المسـبار للدراسـات والبحـوث. ص٣٧-٣٨.

(١٥) باخـەوان، هـاوڕێ و ئەوانیتـر (٢٠١٦) کورتـەی ڕەگوڕیشـەی سـەلەفیی جیهـادی لـە کوردسـتان: کتێبـی کوردسـتان و پۆسـت - داعـش. چ:٢. کوردسـتان: ناوەنـدی لێکۆڵینـەوەی ڕووداو. ل٢٩.

(١٦) احمـد، سـامي عويـد (ب.ت) المطالـب العاليـة فـي تزكيـة الإمـام ربيـع للشـيخ عبداللطيـف الكـردي وصـده عـدوان البغـاة. ح:١. موقـع الامـام الاجـري. ل٣.

(١٧) عەبدوڵـا، بێبـاک (٢٠١٧) ڕەوتـی مەدخەلـی و حەلەبی و ڕەنگدانەوەی لەسـەر سـەلەفیەکانی کوردسـتان. سـلێمانی: ناوەنـدی کوردسـتان بـۆ توێژینـەوە لـە ململانـێ و قەیـران. (مێـژووی سـەردانیکردن: ٢٠٢١/٢/٢٤)

https://www. kurdistanc. com/Islamic/details. aspx? jimare=٥٢٠٦

(١٨) بانگـەوازی سـەلەفیەت لـە کوردسـتان (٢٠١٩) عبداللطيـف الكـردي يتراجـع عـن تبديـع و تحذيـر الحوينـي و الحلبـي و ابـو منـار و بهمـن الـكلاري و الشـيخ حمـدي. یوتیووبـی الدعـوة السـلفية بانگـەوازی سـەلەفیەت لـە کوردسـتان. (مێـژووی سـەردانیکردن: ٢٠٢١/٢/٢٤)

https://www. youtube. com/watch? v=kTZRM_wmc٥I

(١٩) النهـج الكامـل (٢٠٢٠) مـن السياسـة تـرك السياسـة وعـدم الانشـغال بهـا وان امـور السياسـة مـن خصائـص

ولاة الأمور. المملكة العربية السعودية: موقع النهج الكامل. تاريخ الزيارة: (٢٠٢٠/١٢/٢٧):
٨٤/https://ar.alnahj.net/tree

(٢٠) ئیبن تەیمیە (٢٠١٢) سیاسەتی شەرعی لە چاککردنی بەرپرسان و خەڵکی. وەرگێڕانی عثمان احمد، پێداچوونەوەی عدنان بارام. عێراق: کوردستان کەلار، زنجیرەی ڕێنماییەکانی ڕێگای ڕاست (٤٠) لە بڵاوکراوەکانی ماڵپەڕی بەهەشت. ل٧-١١.

(٢١) بارام، عدنان (٢٠٠٩) هەڵوێستی سەلەفیەکان بەرامبەر بە سیاسەت. سلێمانی: ماڵپەڕی بەهەشت
٣٦٦-org/babet.https://www.ba٨

(٢٢) العنیبي، عبدالعزیز بن ندی (٢٠١٢) سەلەفیەکان کێن؟ وە بۆچی لە سەلەفیەکان دەترسن؟ وەرگێڕانی: مامۆستا عثمان احمد، پێداچوونەوەی: مامۆستا خلیل احمد. چ:١. عێراق: کورادستان کەلار، کتێبی ژمارە (١٤٤) لە کتێبخانەی ماڵپەڕی بەهەشت. ل١٢.

(٢٣) ڕەحمان، زیرەک ئەحمەد (٢٠١٨) سەلەفی حەرەکی. سلێمانی: گۆڤاری ژۆرناڵ، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیران، ژمارە (٢٦). ل١١٨.

(٢٤) احمد، عبداللطیف (٢٠١٨) وەلی ئەمر کێیە؟ کوردستان: بەمۆ تیوب. مێژووی سەردانیکردن (٢٠٢٠/١٢/٢٣)
https://www.youtube.com/watch?v=tbaiajSDG٣k

(٢٥) ڕەحمان، زیرەک ئەحمەد (٢٠١٨)، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٨.

(٢٦) چەمچەماڵی، هوشیار (٢٠١٤) کێ یەکەم جار سەرۆک بوو لە وڵات؟ کوردستان: ئەکاونتی فەیسبوک.
https://www.facebook.com/zirakgomashini/
١٠١٥٢٣٤٩٨٥٨٦٠٥٩٢٠/videos

(٢٧) حیدر، هیوا نجم الدین (٢٠١١) حزابەیەتی لە تێڕوانینی زانایانی ئەهلی سوننەوە لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی بەڵگەکان سەبارەت بە حزبایەتی. پێداچوونەوەی: عبداللطیف احمد و ئەوانی تر. کوردستان: بەرهەمی سایتی بەهەشت. ل٥٢-٦٠.

(٢٨) لطیف، محمد عبدالرحمن (٢٠١٦) فەتوای گەورە زانایانی هاوچەرخی ئەهلی سوننە و جەماعە. زنجیرەی فسالوا اهل الذکر(١). چ:٥. کوردستان: لە بڵاوکراوەکانی ماڵپەڕی بەهەشت. ل١٢.

(٢٩) احمد، عبداللطیف (٢٠١١) عەلمانیەت دونیایی و بێ دینی. عێراق: کوردستان کەلار، کتێبی ژمارە (١٢٠) لە بڵاوکراوەکانی ماڵپەڕی بەهەشت. ل٣ و ١١.

(٣٠) المدخلي، ربیع بن هادي (٢٠١٢) ئازادی بیروڕا حریة الراي. کتێبی ژمارە (١٣٨) لە کتێبخانەی ماڵپەڕی بەهەشت. وەرگێڕانی: عثمان احمد، پێداچوونەوەی: خلیل احمد. عێراق: کوردستان - کەلار، لە بڵاوکراوەکانی ماڵپەڕی بەهەشت. ل١٠-١١.

(٣١) احمد، عبداللطیف (٢٠١١) بەدیلی خۆپیشاندان چییە؟ پرسیاری ژمارە (٥٥٥). سلێمانی: ماڵپەڕی بەهەشت. بەرواری سەردانیکردن (٢٠٢٠/١٢/٢٨)
٥٥٥-org/prsyar.https://www.ba٨

(٣٢) المدخلي، ربیع بن هادي (٢٠١٢) سەرچاوەی پێشوو. ل٣-٥.

(٣٣) هەمان سەرچاوە، ل١٠.

(٣٤) هەمان سەرچاوە.

(٣٥) قادر، عبدالکریم محمد & مصطفی، عبداللطیف احمد(٢٠١٥) جائیزە زەکات بدرێتە کەناڵی تەلەفزیۆنی؟ ئەکاونتی فەیسبوک
https://www.facebook.com/zirakgomashini/videos/
video_&٢=type?٨٠١٥٢٩٨٥٤٩١٨٥٥٩٢٠/٦٣٠٦٢٠٩١٩.vb
source=user_video_tab

(٣٦) المدخلي، ڕەبیع بن هادي (٢٠١٩) مەنهەجی حەدادیەکان. و: محەمەد سیدصادقی. سلێمانی: لە بڵاوکراوەکانی ڕێگای پێشین.

(٣٧) عەبدوڵڵا، بێباک (٢٠١٧) سەرچاوەی پێشوو.

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

## دەربارە

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ناوەندێکی قازانج نەویستی سەربەخۆیە، کاردەکات بۆ ئەنجامدان و پشتگیریکردن و هاندانی توێژینەوەو پێشکەشکردنی بە ڕای گشتی، هەروەها وەرگێڕانی کتێب و نوێترین توێژینەوە جیهانییەکان بۆ سەر زمانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی لیتریچەی کوردی لەبوارەکانی سیاسەت و دیراساتی ئایندە، بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنییەکان، ئاگادارکردنەوەی دەستەبژێری سیاسیی کورد لەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی کوردستان و ناوچەکە دەبنەوە.

Political Studies PS

Terrorism & Security Studies TSS

Islamic Studies IS